**حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**
**کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو-لقی گشتی**

Salahaddin University Erbil

# کەمینە ئایینیەکانی شاری کەرکووک لە سەردەمی پاشایەتیدا
## (١٩٢١-١٩٥٨)

پرۆژەی دەرچوونە پێشکەش بە بەشی (مێژوو) کراوە، وەک بەشێک
لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لەلایەن:
**اسراء ادریس ادم**

بەسەرپەرشتی:
**پ.ی.د. دلشاد محمود عبدالرحمن**

**ئایاری-٢٠٢٣**

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم توێژینەوەیە بە سەرپەرشتی من ئامادە کراوە، لە بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری مێژووی گشتی.

**واژوو:**

**نـــــاو: پ.ی.د. دلشاد محمود عبدالرحمن**

**ڕێکەوت:   /   / ٢٠٢٣**

## پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

- ✓ دایکم و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشادەرم بوون، بۆ درێژەدان بە خوێندن، و بە هەموو هاوڕێکانم لە زانکۆی سەلاحەدین بەگشتی، و قوتابیانی بەشی مێژوو بە تایبەتی.

- ✓ بە هەموو ئەو کەسانەی بە دوای زانست و زانیاریدا دەگەڕێن.

## سوپاس و پێزانین

- ✓ سوپاسی خوا گیان دەکەم، کە ئەو توانایەی پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیەم.

- ✓ سوپاسی (پ.ی.د دلشاد محمود عبدالرحمن) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم دەکەم، ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ، و بە سەرنج و تێبینیەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەوڵەمەند تر کرد.

- ✓ ڕێزم هەیە، بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانـەی کە لەگەڵم ماندوو بوون بە تایبەتی سەرۆکی بەش بەڕێز (د. موسا محمد خدر)، و ڕاگری کۆلێژ بەڕیز (پ.د. قادر محمد حسن).

- ✓ لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەریەک لە ( کتێبخانەی کۆلێژی ئەدەبیات و کتێبخانەی زەیتونە) کە هاوکاری زۆریان کردم لە پێدانی سەرچاوەکان.

# هێما کورت کراوەکان

**أ٠ هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی**

| | |
|---|---|
| چ | چاپ |
| ل | لاپەرە |
| و | وەرگێڕ |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ .س | هەمان سەرچاوە |

**ب٠ هێما کورتکراوەکان بە زمانی عەرەبی**

| | |
|---|---|
| ط | الطبعة |
| ص | الصحة |
| م.س | مصدر سابق |

## ناوەرۆک


**بابەت ............................................................ لاپەڕە**

**پێشەکی**

**تەوەرەی یەکەم/ زەمینەی مێژوویی:**

باسی یەکەم: مێژووی جووەکان لە کەرکووک

باسی دووەم: بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لە کەرکووک و وێستگە مێژووییە گرنگەکانی

باسی سێیەم:سابیئە و ئێزیدیەکان وئەهلی هەق

**تەوەرەی دووەم/ ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافیی کەمینە ئایینیەکان لە کەرکووکدا ۱۹۲۱-۱۹۲۸:**

باسی یەکەم: مەسیحیەت

باسی دووەم: جووەکان

باسی سێیەم: ئەوانی دیکە

**تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵی کەمینە ئایینیەکان لە کەرکووک ۱۹۲۱-۱۹۲۸:**

باسی یەکەم : لە بواری ئایینی و سیاسیدا

باسی دووەم: لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا

باسی سێیەم: لە بواری تەندروستی و ڕۆشنبیریدا

**ئەنجام**

**لیستی سەرچاوەکان**

**پاشکۆ**

## پێشەکی:

کەرکووک شارێکی دێرینی کوردستانە، و خاوەن چەندین شارستانیەت و پێکهاتەی ئایینی جیاوازە، هەمیشە گۆڕەپانی پێکدا هەڵبژاردن و کایەی دەست تێوەردانی بێگانە بووە، شوێنی نیشتەجێ بوونی گەلێک میللەت بووە، پیگەی گرنگی کەرکووک بە درێژایی مێژوو بووەتە هۆی نیشتەجێبوونی گرووپ و نەتەوە و ئایین و ئایینزای هەمەچەشن و باڵا بوونی سیمای پێکەوە ژیان و درەوشانەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی شار.

## هۆی هەڵبژاردن:

ئەم بابەتەش (کەمینە ئایینیەکانی شاری کەرکووک لە سەردەمی پاشایەتیدا ١٩٢١-١٩٥٨، زۆربەی زۆری توێژینەوە مێژوویەکان لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی لە بارەی مێژووی سیاسییەوەن. و سەبارەت بە مێژووی کەرکووکیش هەر بە هەمان شێوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە دەربارەی مێژووی سیاسییە. مێژووی کۆمەڵایەتی کەرکووک بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، لێرەوە پێویستیەکی زانستی زۆر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی کەمینە ئاینیەکانی شاری کەرکووک، لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا بە گشتی و مێژووی نوێ و هاوچەرخ بەتایبەتی، هەڵبژاردنی ماوەکەش (سەدەمی پاشایەتی) (١٩٢١-١٩٥٨) لە چوارچێوەی ئەو روانگەوە دێت کە شاری کەرکووک لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، ڕووبەڕووی گەلێک گۆڕانی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوری بووەتەوە. لە هەمان کاتدا ئەوە بە زەقی دەر دەکەوێ کە دەست دەبرێ  بۆ مێژووی ئەم شارە و هەوڵی زۆر دەدرێ لە پێناو بەرژەوەندی جیاواز، مێژووەکەی بشێوێندرێت.

## گرفتەکانی توێژینەوە:

گومانی تیدانییە کە لێکۆڵینەوە دەربارەی شارێکی لێکترازاوی مێژووی پڕ لە کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی، کارێکی سەختە، هەروەها نەبوونی پاشخانی مەعریفی توێژەرەکان و پەرش و بڵاوی زانیاری و داتاکان و سەرچاوە مێژوویە پێویستیەکان، زۆرجار بوونەتە هۆی ئەوەی کە توێژەران لە بارەی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان دوودڵیەکی زۆریان لە بارەوە هەیە.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە بەشێک لە سەرچاوەکان دەربارەی شاری کەرکووک، بە زمانی عەرەبیە و کیشەی نەزانینی زمانی عەرەبیمان هەیە،

## پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەم پێشەکییە و سێ تەوەرەی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکە، وەک پێویستییەکی زانستی، تەرخانکراوە بۆ پێشینەیەک لە بارەی کەمینە ئایینییەکان و لە ژێر ناوی زەمینەی مێژوویی. ئەم تەوەرەیە سێ باسی لە خۆ گرتووە: یەکەمیان: مێژووی جووەکان لە کەرکووک، و دووەمیان: بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لە کەرکووک و وێستگە مێژووییە گرنگەکانی، و سێیەمیان: سابیئە و ئێزیدیەکان وئەهلی هەق. کە هەر یەکەیان بە شێوەیەکی پوخت مێژووی سەرهەڵدانیان باسکراوە،

تەوەرەی دووەم، تایبەت کراوە بۆ ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی کەمینە ئایینیەکان لە کەرکووک لە ساڵانی ١٩٢١–١٩٥٨، ئەم تەوەرە دابەش کراوەتە سەر سێ باس: یەکەم: مەسیحیەت، دووەم: جووەکان، سێیەم: ئەوانی دیکە، کە مەبەست لێی( سابیئە و ئێزیدی و ئەهلی هەق)ە.

تەوەرەی سێیەمی توێژینەوەکەش باسی ڕۆلی کەمینە ئایینییەکان دەکەین لە کەرکووک لە ١٩٢١–١٩٥٨، سێ باسی لە خۆ گرتووە، باسی یەکەم: لە بواری ئایینی و سیاسیدا، باسی دووەم: لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، باسی سێیەم: لە بواری تەندروستی و ڕۆشنبیریدا.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە سەرچاوەی جۆربەجۆر و هەمەچەشن بەستراوە، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی)، لێرەدا باسی هەندێکییان دەکەین:

- **کارنامە زانکۆییەکان:**

تێز و نامە زانکۆییەکان، شوێنێکی بەرچاوییان لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان داگیر کردووە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدراوە بە گوێرەی توانا، سوودیان لێ وەربگیرێت و بە زانیاریەکان لێکۆڵینەوەکانمان دەوڵەمەند بکەین، ئەو کارنامانەی بەکارهاتوون بڵاو نەکراوەن، نموونەی ئەمەش: تێزی دکتۆرای (کابان عبدالکریم شیخ علي، التنوع الديني في اقليم كوردستان– العراق وأثره على التعايش– دراسة تاريخية عقدية تحليلية)، ئەم دکتۆرانامەیە سوودی هەبوو لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، چونکە دەربارەی ئایینەکان بوو لە کورستان.

- **کتێب:**

بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکە، سودێکی گەورە لەو سەرچاوانە وەرگیراون کە بە زمانی کوردی بوون، کە پێویستە ئاماژە بۆ کتێبی(د. دلشاد محمود عبدولڕەحمان، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکووک(١٩٢١-١٩٥٨))، سوودێکی یەکجار زۆری هەبووە، چونکە سەرچاوەیەکی تایبەتمەند و هاوشێوە بوو، هەروەها کتێبی(بەرزان ئەحمەد کوردە، کورتە مێژووی جوولەکەکانی کوردستان)، کە یارمەتیەکی باش بووە بۆ بەدەست خستنی زانیاری دەربارەی مێژووی جووەکان، کە لە تەوەرەی یەکەم، باسی یەکەم سوودی لێ وەرگیراوە.

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین کە هیچ لێکۆڵینەوەیەک، بە تایبەتی لە بوارێکی وەک ئەوەی ئێمەدا و سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپ و بەربەستانەی کە دێنە بەردەم توێینەوە، بێ کەموکوڕی نیە و پێویستی بە پێداچوونەوە و راست کردنەوەی هەندێ لە زانیاریەکانی هەیە، بۆیە بە دڵنیایەوە ئەم توێینەوەیە لەکەموکوڕی و ناتەواوی بەدەرنیە، و چونکە ئەمەش دەسکردی مرۆڤە و هەر (خوای گەورە) بێ کەم و کوریە.

## تەوەرەی یەکەم

## زەمینەی مێژوویی:

شاری کەرکووک، شارێکی دێرینە لە زەویەکی دێریندا. دەورووبەری کەرکووک دەکەوێتە سەر زەویەکی بە پیت، لە کەنداوەوە بەرەو کەنارەکانی ناوەراست درێژبوەتەوە، کۆمەڵێک شار و جێگەی نیشتەجێ بوونی لەخۆ گرتووە. شارستانیەتە دێرینەکان تیایدا سەریان هەڵدا و پوکانەوە، شەڕە گەورەکان بەرپا بوون و رەوتی مێژوویاین دیاری کرد، نەتەوەکان کۆچیان بۆ ناوچەکە کردوو هەندێکیشیان بونیادنەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزن، ئایینە دێرین و نوێیەکان بەتەک یەکەوە ژیاون، پێکەوە ژیان لە هەندێکجاریشدا پەنگخواردنەوەی بە خۆوە دیوە، بەڵام لە زۆربەی کاتیشدا بە ئاشتی لەگەڵ یەکتریدا ژیاون[١].

شاری کەرکووک، هەر لە کۆنەوە شوێنی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک ئایین و ئایینزای جیا بووە، پەیڕەوانی ئایین و شوێنکەوتوانی ئایینزاکان بە بێ بوونی گرفتێکی گەورەی کۆمەڵایەتی پێکەوە ژیانیان لە شارەکەدا گوزەراندووە. هەروەها لەم ڕووەوە شارێکی دەوڵەمەندە، دیاردەی فرە چەشنی بە روونی پێوە دیارە (ئیسلام ، مەسیحی ، یەهودی ، سابیئەی مەندایی ، کاکەیی...)[٢].

### باسی یەکەم/ مێژووی جووەکان لە کەرکووکدا:

ڕێنوێنی ئایینی جووەکان موسایە، ئەو لە پێغەمبەرانی ئولولعەزمە، کە لە چوار سەدە پێش زایین جارێکی دیکە بانگەشەی تاقپەرستی کردووە، ئێستا زیاتر لە سی سەدە تێدەپەرێت کە بانگی تاقپەرستی لە لایەن ئەوەوە بە هەموو جیهان بڵاو بووەتەوە. جووەکان لەو باوەڕەن، کە جیهان بەرەو ئامانج و مەبەستێکی ئایینیی بەرز دەبەن، کە بە مەلە کوتی ئاسمانی ناوی دەبەن، لە ئایینی جووەکاندا باسێک لەسەر ژیانی پێشوو لە ئارادا نییە، بەڵکو پەروەردەکانی مووسا زۆرتر پشت ئەستوور بە ئەخلاقی کرداری و بنەماکانی کردەوەگەلی رۆژانەی پەیوەندیدار بە ژیانی دنیاییە[٣].

---

١) لیام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکووک، و: ئومێد عوسمان، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢٣-٢٤.

٢) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکووک(١٩٢١-١٩٥٨)، چ١، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩ ، ل٦٨، ١٩٠.

٣) عەلی ئەسغەر حیکمەت، مێژووی ئایینەکان، و:هاشم عەلی وەیسی، چاپخانەی تاران، ب.ش، ٢٠١٩، ل ٢٠٧.

وشەی جوو لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، جهود لە زمانی فارسی، کە ئەمانە ناوی ئەو گەلەن کە لە کۆنەوە لە ئیسرائیل نیشتەجێ بوون، لەوێ خاوەن شارستانیەکی دێرینن، ناوەکە لە ناوی جوگرافی ناوچەی یەهودا هاتووە، کە لە سەردەمی ئاشوریەکانەوە، دەوڵەتێکی سەربەخۆی جووەکانی لێبووە، عیبری بریتیەلە زمانی جووەکان[١].

ئەگەر بە شێوازێکی سەراپاگیر لە مێژوو و بوونی جوو لە وڵاتی کوردستاندا، چۆنیەتی دابەشبوون و سەرهەڵدانیان بکۆڵینەوە، رەنگە ئەوەیان پێویستی بە لێتوێژینەوە و سەرچاوەی هەمەجۆر و سەربەخۆ بێت، ژمارەیەکیش لە مێژوونوسان و توێژەران لە زمانی ئەم جووانەوە خۆیان دەگێرنەوە، کە گوایە ئەمانە لە نەوەی ئەو جووانەن کە کاتی خۆی ئاشوریەکان هێناویانن بۆ ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان[٢].هەروەها خۆیان بە گەلی هەڵبژێردراوی خودا دەزانن[٣].

لە دەوروبەری ساڵی ٧٢٠پ.ز، جووەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی میزۆپۆتامیادا راستەوخۆ لە کوردستان نیشتەجێ کراون، و هۆیەکی دی بوونی جوو لە کوردستان، تا ناوەراستی ئاسیاش بڵاو بونەوەی ئایینی یەهودی، لە رێگای ئەوەشەوە کە یەهودی ئاینێکی تایبەت بە جوەکانە بوونی جو بووە لەو شوێنانە. هەندێک لە مەزارەکانی جوەکان، لە میزۆپۆتامیاو کوردستان بوونەتە شوێنی موسڵمانانیش. وەک گۆری بنیامین پێغەمبەر لە کەرکووک[٤].

بە گوێرەی ( ئینسکلۆپیدیای جودائیکا)ی جووەکان، یەکەم نشینگەی جووەکان لە مێژووی نوێدا لە شاری کەرکووک کە لە سەرچاوەکان ناوی هاتبێت، دەگەرێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەمی زایینی[٥].

ژمارەی جووەکانی کەرکووک، بە قەد ژمارەی جووەکانی بەغداد نەبووە، ئەوان لە قەڵات و ناوچەی (جرداغلو)دا نیشتەجێ بوون. سەرەتا جووەکان لە ناو قەڵاتی شاری کەرکووکدا، ئینجا ژمارەی خانوەکانیان زیادی کردووە، دەوروبەری قەڵاتیشی گرتۆتەوە، هەتا لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا رۆیشتوون. ناوچەیەک هەیە بەناوی (پیریادی) و دەکەوێتە نزیک بازاری گەورەی کەرکووک، بە گەرەکی جووەکان ناسراوە، ماڵەکانیان بە تەک یەکەوە بووە و هەموو خانووەکانیان رێرەوی کراوەیان هەبووە لەگەڵ یەکتریدا[٦].

---

١) شاسوار هەرشەمی، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٢٤.

٢) ئەحمەد باوەر، جولەکەکانی کوردستان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، کوردستان، ٢٠٠٠، ل ٨ ،٠ ١٣ .

٣) طارق خليل السعدي، مقارنة الأديان، ط١، دار العلوم والعربية للطبعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٥، ص١٠١.

٤) شاسوار هەرشەمی، س.پ، ل ٢٦٧.

٥) د. دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان، س.پ، ل١٨٧ .

٦) بەرزان ئەحمەد کوردە، کورتە مێژووی جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، ب.ش ، ٢٠١٩، ل.١٧٩-١٨٠.

## باسی دووەم/ بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لە کەرکووک و وێستگە مێژووییە گرنگەکانی:

لە میزۆپۆتامیا، تاکە ئایین کە لەوکاتە زاڵبوو ئایینی زەردەشتی بوو و لە باکوورەوە تا باشووری درێژ بووەتەوە[١].

هەروەها بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زایینی[٢].

مەسیحیەت بریتیە لە ئایینێک کە لە کوردستان بە چەندان ناوی دیش ناسراوە ، وەک(فەلە ، دیان، تەرسان ، گاور ، کریستیان ، خرستیان) بە پەیرەوانی ئاینەکەش دەگوترێت (مەسیحی). ئەگەر کرۆنۆلۆژیایی مەسیحیەت پوخت بکەینەوە ئەوا دەڵێین: عیسا لە ١ی زایینی لە دایک بووە. لە ٢٨ی زایینیی کەوتە بڵاو کردنەوەی پەیامەکانی لە ٣٣ز لە خاچ درا. ئەو لەو پێنج ساڵەی پەیامدانی تا جارێکیش نەیگوتووە ئایینێکی تازەی داهێناوە، بەڵکو خۆی بە جووێکی دڵسۆز دەزانی و تەنیا داوای گەرانەوەی جووەکانی دەکرد بۆ سەر رێبازی ڕاستی ئایینی یەهوودی. کە دوای مردنی عیسا (پۆلس) بەدیار دەکەوێت و لە ٤٨ز هاتبووە ناو لایەنگرانی مەسیحی و ئاینی مەسیحیەتی راگەیاند و لە ئایینی یەهوودی جیابوەوە. هەندێک لە شاگردەکانی عیسا بیرەوەریەکانی خۆیان لە بارەی ئەو پێنج ساڵە نوسیەوە کە عیسا پەیامی لە ناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە، بە تێپەڕینی کات ژمارەی ئینجیلەکان زیاتر بوون و دوای ساڵی ١٥٠ز چوار ئینجیلەکە وەک تاکە نوسراوی ئایینی مەسیحیان دانی پێدانرا، و کۆنترین بەڵگەنامەی مەسیحی کە هێمای بۆ کوردستان کردبێت هەر خودی کتێبی پیرۆز ئینجیلە. هەروەها دوور نیە بەهۆی پەیوەندیە بازرگانیەکانەوە، کەسانی واش هەبووبن کە هەر لە سەرەتاوە هاتبنە سەر رێچکەی ئەم ئایینە، وە بەگوێرەی گێڕانەوە بەراییەکان، تۆمای پەیامبەر هەر لە ساڵی ٥٢ز سەری لە هندستانەوە دەرهێناوە و ئەو لە گەشتەکەیدا بۆ هندستان بە نیازی بڵاوکردنەوەی پەیامی تازە دەبێت بە کوردستاندا تێپەر بووبێت، کەواتە دوور نیە لەم وڵاتەدا خەڵکیشی بۆ سەر ئاینە تازەکەی جەم(تەعمید) کردبێت[٣].

---

١) رشيد الخيون، الاديان والمذاهب بالعراق، ط١، المطبعة سبحان، د.م، ١٤٢٦هـ ص١٤٧.

٢) فرست مرعي، دراسات في تاريخ اليهودية والمسيحية في كورستان، ط١،من منشورات ئاراس، اربيل، ٢٠٠٨، ص٩١.

٣) شاسوار هەرشەمی، س.پ، ل ١٣٩-١٤٣.

پاشماوەی کڵێسای گوندی (بەراد)ی نزیک عەفرین، بە یەکێک لە کڵێسا هەرە کۆنەکانی مەسیحی دادەندرێت، بەم شێوەیە بڵاوبونەوەی مەسیحی نەک هەر کوردستان بەڵکو ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە. باس لەوە کراوە کە لە سەرەتای سەدەی سێیەمەوە دوو مژدەدەر لە مێژووی مەسیحیەت هەبوونە و ڕوویان کردۆتە کوردستان و ئاینی مەسیحییان بڵاوکردۆتەوە، کە سەرچاوەیەکی زۆری مەسیحیش ڕەخنە لە نەریتی ئەوکاتی خەڵکی کوردستان دەگرن، سەرەڕای ئەمانەش ئاماژە بۆ سێ هۆکـار کراوە لە بارەی بڵاو بوونەوەی خێرایی مەسیحـــی لە کـــــوردستــــان:

١. لاوازبوونی ئایینی زەردەشتی، کە لە بنەچەوە ئایینەکە تێکەڵەیەک بوو لە و ئایینە کۆنەکانی دیکە، و دواتریش کە ئەسکەندەری مەکدۆنیش هات و ناوچەکەی داگیرکردوو ئیتر نەریتی هێلینی تێکەڵ بە نەریتی خەڵکی ببوو و دوای ٥٥٥ ساڵی دیکە ئایینیی زەردەشتی بوژایەوە و لەو ماوەیەدا ناوچەکە بێسەروبەریەکی ئایینیی زۆری پێوە دیار بوو، ئەوەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی.
٢. پارتەکان پێکهاتبوون لە چەند خێڵێک، کە باوەڕیان بە هێزی نادیاری سروشت هەبوو ، بایەخێکی وایان بە زەردەشتی و بیر و باوەڕەکانی دیکەیان نەدەدا ، بۆیە کاتێ ئایینی مەسیحی هات و لەو ناوچەیە بڵاوبووەوە ڕێگریان لێ نەکرد. و لە کاتی چەوساندنەوەی مەسیحیەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، باشترین پەناگە بۆ ئەوان دەوڵەتی پارتەکان بوو.
٣. ئارامیەکان پێش هاتنی مەسیحیەکانیش لە کوردستان دەژیان و کاتێ مژدەدەرەکان مژدەی پەیامی مەسیحیان هێنایە کوردستان بە زمانیکی ئاشنا (سریانی) دەدوان، و ئارامیەکان بە ئاسانی لێیان تیدەگەیشتن و وەک کارێکی نا ئاشنا رەفتاری لەگەڵ نەدەکرا، ئەمەش هاندەرێکی دیکە بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینیی مەسیحی[١].

هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە مەسیحیەکان هەر لە کۆنەوە بوونیان هەبووە، و لە سەرەتای دروست بوونی شاری کەرکووک بەهۆی گرنگی و بایەخی هەڵکەوتەی جوگرافی چەندین نەتەوەی جیا جیا روویان کردۆتە ناوچەکە، دانیشتوانی رەسەنی ئەم شارە کوردن لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی بچووک لە خێزان کە سەر بە ئایینیی (مەسیحی) ین وەک (سریانی، ئاشوری، ئەرمەنی، نەستوری) کە هەر لە کۆنەوە پاڵنەری ئابووری لەم شارەدا نیشتەجێی کردبوون[٢].

---

١) بروانە: شاسوار هەرشەمی، س.پ، ل١٤٣-١٤٥.
٢) پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی(١٩١٧-١٩٢٦)، چ١، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٧، ل ٧٣.

ئەگەر بێتو شاری کەرکووک بەتایبەتی وەربگرین دەبینین بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی کەرکووکدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەر لە زووەوە شوێنێکی گرنگی مەسیحیەکان بووە، و ئێستاشی لەگەڵدابێت شاری کەرکووک بە پلەی ئەبرەشیە ماوەتەوە[١].

ئەو مەسیحانەی لەسەرەتادا هەبوون لەسەدەکانی یەکەمی مێژووی مەسیحی بیروڕایان جیاواز بوو لەسەر سروشتی کەسایەتی حەزرەتی عیسا و جیاوازی لە نێوان کەنیسەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، چەندین ئاینزای لێکەوتەوە لە گرنگترینیان ئاینزایی: (کاتۆلیکی و ئەرسەدۆکسی و پرۆستانتی) بوون[٢]. زۆرێک لە بیروباوەڕەکانی ئەم مەزهەبانە گەیشتنە ناوچەی کەرکووک و لەوێش تەنها دوو مەزهەب بوونیان هەبووە: کاتۆلیکی و ئەرسەدۆکسی، مێژووی سەرهەڵدانی مەزهەبی کاتۆلیکی لە کەرکووک دەگەرێتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی هەژدەهەمی زایینی، بەڵام مێژووی دەرکەوتنی مەزهەبی ئەرسەدۆکسی، لە کەرکووک کۆنترە بۆ سەردەمێکی زووتر دەگەڕێتەوە، کلدانەکانی شاری کەرکووک سەر بە مەزهەبی کاتۆلیکی و ئەرمەنەکانیش سەر بە مەزهەبی ئەرسەدۆکسین[٣].

---

١) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل١٩٦.

٢) محمد حسين محمد شواني، التنوع الاثني والديني في كركوك، ط١، مؤسسة الموكرياني للبحوث والنشر، أربيل، ٢٠٠٦، ص١٦٤.

٣) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل١٩٧.

## باسی سێیەم/ سابیئە و ئێزیدیەکان و ئەهلی هەق:

لە شاری کەرکووک و لە ماوەی ساڵانی(١٩٢١-١٩٥٨)دا، چەند ئایین و ئایینزا و گرووپی ئایینی دیکە دەژیان، وەک: (سابیئە و ئێزیدیەکان...). ئایینی سابیئە یەکێکە لە کۆنترین ئایینەکانی عێراق، لە کەنارەکانی دیجلە و فوراتی باشووری عێراق و ڕووباری کاروون لە رۆژئاوای ئیران نیشتەجێ بوون[٤]، سابیئەکان، کەمینەیەکی ئایینین کە بە (مەندایەکان)یش دەناسرێن، و زمانی رەسەنیان مەندایيە(کە لقێکە لە شێوەزاری ئارامی)، چەندین گرووپی جیا جیا لە نێویاندا هەیە، سەرچاوە مێژووییەکان بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی رەگەزی سابیئەکان هەیە هەندێک وایدەبینن، کە خەڵکی فەلەستینن، دواتر ئەو ناوچەیان جێهێشتووە و چوونەتە حەڕان، لەوێشەوە بۆ عێراق و هەندێک ناوچەی ئێران، سابیئەکانی عێراق، کە زیاتر لە نزیک سەرچاوەکانی ئاو نیشتەجێن، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەشێکییان روویان لە (بەغدا، ئەنبار، دیوانییە، کەرکووک) کرد و گیرسانەوە[٥].

سەبارەت بە ئێزیدیەکانیش، کورد بە(ئێزیدی) ناوییان دەبەن، بەڵام گەلانی تر پێیان دەڵێن(یزیدی)[١]، کە کەمینەیەکی ئایینین کە لە چەندین وڵاتدا ژیاون و عیراقیش یەکێک بووە لەو وڵاتانەو زیاتر لە نیوەی ئێزیدیەکانیش لە باشووری کوردستاندا دەژین، پەرستگای ئێزیدیەکان (لالەش)ە لە نزیک شاری شنگال. زمانیان کوردیە و بە کرمانجی باکوور دەدوێن، ئێزیدییەکان خۆیان بە ئێزیدی دادەنێن، وشەی (ئێزید) لە نەتەوە جیاوازەکاندا مانای جیاوازی هەیە، لە کتێبی ئاڤێستادا بە مانای (ئێزتا)یە و لە زمانی فارسی و کوردی ئەمرۆشدا بە مانای خودایە، یەزیدی کوری معاویە بە پیرۆز دەزانن. زۆربەیان لە باشووری کوردستاندا دەژین[٢].

---

١) رشيد الخيون، م.س، ص٢١.

٢) نوری بێخاڵی، سابیئەی مەندائی لەنێوان دۆزەخی عێراق و دڵنیایی کوردستاندا، (https://www.basnews.com/so/babat/٤٥٥٦٣٣)، ٢٠٢٣/٢/١٨.

٣) شاكر فتاح، اليزيديون والديانة اليزيدية، ت:دخيل شمو الحكيم، ط١، جميع الحقوق محفوظة، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٠.

٤) کەریم سارەمەمی، ئێزیدیەکان کوردی ڕەسەنن یان شەیتان پەرەست، (https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=٥٣١١)، ٢٢٠٢٣/٢/١٨.

پەیوەندی نێوان عوسمانیەکان و ئێزیدیەکان لەسەرەتادا باش بووە و لەچەندین شەڕ و جەنگ دژ بە دوژمن جەنگاون، وەکو بەژداریکردنی میرزا داسنی لە هەڵمەتی سوڵتان موارادی چوارەم بۆ گێرانەوەی ویلایەتی بەغدا لە ١٦٣٨ لە ژێردەستی سەفەویەکان، بەڵام لە سەدەکانی دواتردا پەیوەندیەکان تێکدەچن و عوسمانیەکان بە (شەیتان پەرستەکان) ناویان دەبەن[١].

هەروەها لە کتێبە مێژووییە نوسراوەکاندا، ئاماژە بەوە کراوە کە پێشتر ئێزیدییەکان لەسەردەمی جیاوازدا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هێرشیان کرایە سەر، لە کۆمەڵکوژیەکی بەرفراواندا لە بەرەبەیانی رۆژی حەوتەمی تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ تا ئێوارەی هەمان رۆژ زیاتر لە سەد ئێزیدی کوژران[٢].

لێرەدا دەتوانین باس لەوەش بکەین کە پەیوەندی هەبووە لە نێوان ئێزیدیەکان و ئەهلی هەق، کە ئەوانیش بەر لەوەی وەک کۆمەڵێکی ئاینی سەرهەڵبدەن، خێڵێکی کوردی دانیشتووی دەڤەری لورستان بوون، یەکەم ناوهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ١٤ز. کاکەییەکان هەر لە زووەوە ئەهلی هەقن، بەڵام تا ئەمرۆش ناوی هۆزەکەیان بەسەردا زاڵە و هەر بە کاکەیی دەناسرێن، کاک-کەکیش وشەیەکی رەسەنی کوردیە لە کۆنەوە بۆ ناونیشانیش بەکارهاتووە، وەک: کەکی باپیرە گەورەی میرانی دۆستەکی-مەروانی...، یارانی ئەهلی هەق لە ناو کوردستان سەرەتا بە کاکەیی و دواتریش بە ئەهلی هەقیش دەناسرێن[٣]. زمانیان کوردی و هەندێک فارسی و کوردیە، گوایە ئەمە کوردی مەندەلییە[٤].

شێخ و ڕێبەرانی ئەم ئاینە (سەید ئیسحاق کوڕە چکۆلەی شێخ عیسای بەرزنجەیی گۆرانە)[٥].
وشەی (هەق) بە مانای هەق نایێ بەڵکو بەمانای حەقیقەتێکی باڵا دێت، کە ئەویش خودایە. کە ناوی تایبەتی خۆیان و دابونەریتیان و شێوازی ژیانیان جیاوازە، بەشێکی ئەهلی هەقەکان لە کوردستان بوونە لە شارەکانی (سلێمانی و کەرکووک و موسڵ...)[٦].

---

١) د. نەجاتی عەبدوڵڵا، گەڕان بەدوای مرواری(مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد)، چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٥٧.
٢) السيد عبدالرزاق الحسني، اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥١، ص٩١.
٣) پ.د. زرار صديق تۆفيق، كاكەيى- ئەهلی هەق و شەبەک(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،هەولێر، ٢٠٢٠، ل١٩-٢٤.
٤) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٨.
٥) ڕێبوار حەمە تۆفیق، کۆمەڵی هەقە- لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە تا حەمە سووری کڵاو قوت، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠١٠، ل١٥٧.
٦) د. نەجاتی عەبدوڵڵا، س.پ، ل٢١٩.

## تەوەرەی دووەم

## ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی کەمینەئاییینیەکان لەکەرکووکدا۱۹۲۱-۱۹۲۸:

بەر لە شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافی کەمینەئاییینیەکانی شاری کەرکووک لە نێوان ساڵانی(۱۹۲۱–۱۹۵۸) بکەین، پێویستە سەرنج بۆ ژمارەی دانیشتوان رابکێشرێت. گەورەترین کێشەی توێژەر لە لێکۆڵینەوەی ژمارەی دانیشتوان، لە ساڵانی ئینتیدابی بەریتانیدا نەبوونی سەرژمێرییەکی وردە. هەرچی سەرژمێریەکانی دواتریشە لەلایەن هێزەکانی بەریتانی و لایەنەکانی دیکەی(تورکی و عێراقی) ئەنجامدراون[1].

هەروەها ناکرێت ئەو ئامار و ژمارانەی لە بارەی دانیشتوانەوە بەر لە سەرژمێری ۱۹٤۷ ئاماژەیان پێکراون، بە هەند وەربگیرێن، چونکە هەموویان بریتین لە مەزندەکراو و خەملاندن، هەرچەندە سەرژمێریە فەرمیەکانیش کەم و کورتییان تێدایە، چونکە کاربەدەستانی نەتەوەی سەردەست، هەوڵی ئەوەیان داوە کە ڕێژەی پێکهاتەی خۆیان گەورەتر نیشان بدەن[2].

---

۱) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل۱۹۰.

۲) دکتۆر جەبار قادر، کەرکوک نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ۲۰۱۹، ل۱٦۸.

## باسی یەکەم/ مەسیحیەت

مەسیحیەکانی شاری کەرکووک، تا ناوەراستی شەستەکانی سەدەی رابردوو، نزیکەی ٥-٧% دانیشتوانی شاری کەرکووکیان پێکهێناوە، بەڵام بە پێی داتاکانی ئەمرۆ ناگاتە ٢% هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوەبۆ کۆچکردنی دەرەکی و بەرزبوونەوەی ساڵانەی ژمارەی موسڵمانەکان[١].

هەروەها بەپێی سەرژمێریە مەزەندەکاری و فەرمیەکان وەک لە خشتەی ژمارە(١)دا دیارە، ژمارەی مەسیحیەکان لە ساڵی١٩٥٧ زۆرترین رێژەیان هەیە لەچاو ساڵەکانی تر:

| سەرژمێری | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| ١٩٢١ | ٦٠٠ |
| ١٩٣٠ | ٣٥٠٠ |
| ١٩٤٧ | ٦٧١٥ |
| ١٩٥٧ | ١٢٦٩١ |

**خشتەی ژمارە(١)**

ژمارەی مەسیحیەکانی کەرکووک لە نێوان ساڵانی(١٩٢١-١٩٥٧)[٢].

بە پێی ئەو خشتەیەی لە سەرەوە دیارە، ساڵی ١٩٢١ ژمارەی مەسیحیەکانی کەرکووک ٦٠٠ کەسن و لە ساڵی١٩٣٠ ژمارەیان زیادیکردووە و گەیشتونەتە ٣٥٠٠، دواتر لە ١٩٤٧ بوونەتە ٦٧٥٠ و لە ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی بوونەتە دوو ئەوەندە کە ١٢٦٩١، بەڵام ساڵی ١٩٤٧ باشترین سەرژمێریە، چونکە هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لەبارتر بوو. هەروەها سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی مەسیحیەکانی کەرکووک، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەسەر قەڵا و گەڕەکی (حەمام) بوو، کە ئەم گەڕەکانە شەقامێکی بەرین و درێژ و خاوەن لق و پۆپی زۆر کە بە کۆڵانی تەسک و پێچاوپێچ هەندێجاریش داخراو دەناسرێن، شێوازی بینا و خانوەکانیش لەسەر شێوازی کۆنی رۆژهەڵاتیە. گەڕەکی حەمام لەبەرئەوەی دوو گەرماوی لەخۆ گرتبوو: (گەرماوی موسڵمانان و گەرماوی مەسیحییەکان) بۆیە بەو ناوە ناونراوە و مێژووی بنیاتنانەکەشی نادیارە. بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە گۆڕانێک لە دابەشبوونی جوگرافیان هاتەکایەوە و بەسەر چەند گەڕەکێکی تازەی

---

١) محمد حسین محمد شواني، م.س، ص١٦٣.

٢) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل١٩١؛ احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الثاني، ص١١٨.

شار بڵاوبوونەوە بۆیە شوێنی سەرەکی مەسیحیەکان لەو مێژووە بەدواوە بریتییە لە گەڕەکەکانی (حەمام، ساری کەهیە، بەگلەر، شاترلو، ئەڵماس، خاسە، عەرەفە)[1].

## باسی دووەم/ جووەکان

لە رۆژگاری داگیرکاری (١٩١٨-١٩٢٠) و ئینتیدابی بەریتانی(١٩٢٠-١٩٣٢)یشدا، جووەکان گەشانەوەیەکی باشیان بەخۆوە بینی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ژمارەیان لە سەرژمێری ١٩١٩ لە تەواوی عیراق ٨٧٤٨٨ کەس بووە، لەو ژمارەیەش ١٤٠٠ کەس کەوتوونەتە شاری کەرکووک[2]، هەروەها بە پێی سەرژمێریەکانی دەزگاکانی ئینگلیز لە(١٩١٨-١٩٢٥) ژمارەی جووەکان لە کەرکووک بە ١٤٠٠ کەس خەملێنراوە[3]، و بە پێی سەرژمێریەکی تری سیەکانی سەدەی بیستەم کە لەلایەن (مەتی ئاکرەیی)ەوە کراوە ٨٠ هەزار جوو لە عیراق هەبوونە و ١٤٠٠ جوو لە کەرکووک بوونە، بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ لە کەرکووکدا ٤٠٤٣ جووی لێبووە[4]. لة نوسراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیشدا هاتووە ژمارەی دانیشتوانی کەرکووک ٣٠٠٠٠ کەسە، ١٦٠٠ لەوانە جووەکانن، و ئینسکلۆپیدیای جووەکان، ژمارەی خێزانە جووەکانی شاری کەرکووکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستدا بە (٢٠٠خێزان) دەخەملێنێت[5]. هەروەها بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لەسەر ئاستی لیوای کەرکووک، جووەکان تەنها ٦ کەس بوون[6].

جووەکانی عێراق بەتایبەت لە شارەکان بەشێوەی "گیتۆ" دەژیان، کە لە وڵاتی عێراق بە گەڕەک ناسراوە، جووەکانی کەرکووک لە گەڕەکی (پیریادی موسەی) نیشتەجێبوون. ئەو گەڕەکە لە ژێر فەرمانی سەرۆکی گەڕەکەکە بوو، کە پێی دەوترا "حاخام" بەرپرسی هەڵسوکەوتیان بوو لە بەردەم دەسەڵاتدا[7]. هەروەها بنەماڵەی جووەکان پەیوەندیان لەگەڵ کوردەکان هەبووە و کاریگەریان لەسەر هەبووە[8].

---

١) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ ، ل١٩٨.
٢) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، هـ.س، ل٢٠٠.
٣) دکتۆر نوری تاڵەبانی، کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، چ٢، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٧.
٤) ئەحمەد باوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢، ٥٠.
٥) گۆران ئیبراهیم صالەح، کەرکوک لە سەردەمی دەولەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩ز، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٥.
٦) دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکوک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی رۆڵی رۆشنبیری و سیاسی(١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،٢٠٠٦، ل٤٢.
٧) جيمس ولتسيد، رحلتي الى بغداد في عهد الوالي داود باشا، ترجمة: سليم طه تكريتي، مطبعة ثويني، بغداد، ١٩٨٤، ص٩٦.
٨) يعقوب يوسف كورية، يهود العراق (تاريخهم،احوالهم، هجرتهم)، ط١، منشورات الأهلية، لبنان, ١٩٩٨، ص٢٠٥.

## باسی سێیەم/ ئەوانی دیکە

سەرەڕای ئەو ئایینانەی لەسەرەوە باسمان کرد چەندین ئایین و گرووپی دیکەش هەبوون کە لە شاری کەرکووک ژیانییان بەسەر دەبرد، یەکێکی تر لەوان سابیئەی مەندایییەکانە کە بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ ژمارەیان ٣٧ کەس بووە[١]،و بە گوێرەی سەرژمێری سالی ١٩٥٧ ژمارەیان لە نێو شاردا ٢٠٧ کەس بووە و لە گەڕەکەکانی (ساری کەهیە، بەگلەر، خاسە، حەمام، عەرفە) نیشتەجێ بوونە[٢].

لە بیستەکانی سەدەی رابردوو نزیکەی ١٥٠ خێزانی سابییئە لە کەرکووک بوونە، و دواتر بە هۆکاری توند و تیی لەلایەن تیرۆرستان ژمارەیان کەمی کردووە. هۆکاری ئەوەش کە وای کردووە خەڵکی ئەم ئایینە روو لەم ناوچەیە بکەن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاری کەرکوک لە بباکووری بەغدا زۆر دوور نیە، و شوێنێکی کشتوکاڵی و بازرگانی گرنگی هەیە، بۆ پەیوەندی نێوان شارەکانی کوردستان و عێراق، لەگەڵ دۆزینەوە و دەرهینانی نەوت لەلایەن کۆمپانیا ئینگلیزەکانەوە[٣].

هەروەها سەبارەت بە ئێزیدیەکان بە گوێرەی سەرژمێری ١٩٤٧ ژمارەی ئێزیدیەکان لە کەرکووک زۆر کەم بوو کە(١)کەس بووە[٤].

و بە پێی سەرژمێری ساڵی١٩٥٧، (٢١) کەس بوونە، شوێنی نیشتەجیبوونی ئێزیدیەکان سنووردار نیە، بەڵکو بە شێوەیەکی پەرتوبڵاو بەسەر گەڕەکەکانی بەشی قۆریەدا دابەشبووە[٥].

بۆ بەرچاوروونی زیاتر لەبارەی ژمارەی دانیشتوانەوە، لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووک بە پێویستمان زانی کە لەم خشتەیەی لاپەڕەی داهاتوو، ئاماژە بە ژمارەی دانیشتوانی ئایینی (سابیئە و ئێزیدی) بکەین :

---

١) احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الثاني، ص١١٨.
٢) د. دلشاد محمود عبدالرحمن، س.پ، ل٢٠٤.
٣) أمل باجلان، الصابئة المندائية في كردستان العراق، https://www.almesbar.net ، ٢٠٢٣/٣/٢٥.
٤) احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، م.س، ص١١٨.
٥) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٢٠٤.

| ناوی گەڕەک | دانیشتوان | سابیئە | ئێزیدی |
|---|---|---|---|
| ساری کەهیە | ١٦٨١٣ | ٨٢ | نییە |
| بەگەکان | ١٩٩٠٣ | ٤٢ | نییە |
| شاتەری | ٥٤٧٨ | نییە | ٢ |
| خاسە | ١٠٩٠٩ | ٢١ | ٦ |
| ئاغاکان | ١٢٦٣ | ١٢ | نییە |
| مەدان | ١٣٩٤ | ١٢ | نییە |
| حەمامی موسڵمانان | ٢٥٧٠ | ٣٠ | ١١ |
| نەوتی کەرکووک | ١٣٦١ | ١٦ | نییە |
| محەتەی کەرکووک | ٢٩٥١ | نییە | ٢ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

دابەشکردنی دانیشتوانی گەڕەکەکان بە پێی ئایینەکان لە ساڵی (١٩٥٧)[١].

بە پێی ئەم خشتەیەی لە سەرەوە هاتووە، لە بارەی چەند گەڕەکێکی شاری کەرکووک، گەڕەکی ساری کەهیە کە لە کۆی (١٦٨١٣) کەس، (٨٢) کەسیان سابیئە، و لە گەڕەکی بەگەکان لە کۆی (١٩٩٠٣) کەس (٤٢) کەس سابیئە، و لە گەڕەکی شاتەری لە کۆی (٥٤٧٨) کەس تەنها (٢) لەوان ئێزیدی بوونە، گەڕەکی خاسە لە کۆی (١٠٩٠٩) کەس، (٢١) کەسیان سابیئە و (٦)یان ئێزیدی بوون، هەروەها لە گەڕەکی ئاغاکان لە کۆی (١٢٦٣) کەس، (١٢) کەسیان سابیئە بوون، و گەڕەکی مەدان لە کۆی (١٣٩٤) کەس، (١٢) سابیئە بوون، لە حەمامی موسڵمانانیش لە کۆی (٢٥٧٠) کەس، (٣٠) کەسیان سابیئە و(١١) کەس ئێزیدی بوون، و لە گەڕەکی نەوتی کەرکووک لە (١٣٦١) کەس، (١٦) کەس سابیئە بوون، هەروەها لە محەتەی کەرکووک لە کۆی (٢٩٥١) کەس، (٢) کەسیان ئێزیدی بوون.

---

١) المطران لويس ساكو, المسيحية في كركوك (تاريخ وبقاء)، كركوك، ٢٠١٠، ص١٠٧.

هەرچۆنێک بێت کۆمەڵی کاکەیی لە ناوچەی کەرکووکدا بوونێکی بەرچاوی هەیە، زۆربەی کاکەییەکان لە ناو شاردا لە گەڕەکێکی تایبەت دەژیان بە ناوی (ئیمام ئەحمەد)، دەڵێن وادیارە یەکەم کەس لە گەڕەکی (ئاخوڕ حوسێن) نیشتەجێ بووبێت، کەسێکی کاکەیی بووە بە ناوی(کاکە حوسێن)[1]، بەڵام لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و گۆڕانە ئابووری و سیاسییانەی لە چلەکان هاتنە ئاراوە، باری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کەرکوکیش وەچەرخانی بەخۆوە بینی، بۆیە دەبینین کاکەییەکان هاوشێوەی مەسیحیەکان لەو رۆژگارەوە بە شێوەیەکی داخراو ناژین، بەڵکو تێکەڵ بە گەرەکی دیکەی موسڵمانان دەبن و وەکو ئەوان دەژین، لەو گەڕەکانەی کاکەییەکان تییایدا نیشتەجێ دەبن گەڕەکی (چای)ە[2].

سەبارەت بە قەبارەی دانیشتوانی کاکەیی لە کەرکوکدا، لە ئاکامی بیروباوەڕەکانیان، هیچ کەرەستەو بەڵگەیەکی مێژووی بەردەست نیە، تەنانەت لە یو سەرژمێریە فەرمی و نافەرمیەکانیش کەم تا زۆر زانیاری دەربارەیان تۆمار نەکراوە.

---

1) محمد حسين محمد شواني، م.س، ص١٨٠.

2) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٢٠٣.

**تەوەرەی سێیەم**

## رۆڵی کەمینە ئایینیەکان لە کەرکووک (١٩٢١-١٩٥٨):

کەمینە ئایینەکانی شاری کەرکووک، رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بواری (ئایینی و سیاسیدا، ئابووری و کۆمەڵایەتی، تەندروستی و رۆشنبیری) بە تایبەت لە نێوان ساڵانی (١٩٢١–١٩٥٨)، کە هەر یەکەیان ئایینی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ بوونی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتری ژیاون، ئەم پێکەوەژیانە کۆمەڵایەتیە لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو وەک شاری کەرکووک، زۆربەی زۆری پێکهاتە ئایینیەکانیش زمانی ئاخاوتنیان تورکمانی بووە، کە ئەم زمانە هاوبەشە بە تەنیشت زمانی کوردییەوە[1].

**باسی یەکەم/ لە بواری ئایینی و سیاسیدا:**

لە بارەی مەسیحیەکانەوە، کە یەکێکە لە ئاینەکانی رەگەزی سامییەکان، ناوی کریستیانییەتی وەرگیراوە لە ناوی (جیزز کرایس) کە دەکاتە پێغەمبەر عیسا، کە کەسایەتیەکی بەرێزە لە ئاینی ئیسلامدا، هەروەها ئیسلام تاکە ئایینی غەیرە مەسیحیە کە بڕوابوونی بە پێغەمبەر (عیسا)ی کردۆتە بەشێک لە ئیمان، بەڵام مەسیحیەکان پێداگیری دەکەن لەوەی کە عیسا بە خودای خۆیان دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا هیچ وشەیەک یاخود دێرێک نیە لە هەموو ئینجیلدا کە تێیدا پێغەمبەر عیسا خۆی وتبێتی: (من خودام) یان (من بپەرستن). بەڵکو تەنها بۆ ئەوە ڕەوانکراوە، کە شەریعەتەکانی پیش خۆی جێبەجێبکات و کارایان بکات[2]. هەروەها مەسیحیەکان سێ مەزهەبی ئایینیان هەیە: (کاسۆلیکی، ئەرسەدۆکسی، پرۆستانتی) و هەر یەکەیان کەنیسەی جیاوازیان هەیە، و شوێنی پەرستنیان جیایە[3]. هەروەها ڕۆڵی سیاسی ئەم ئایینە لە شاری کەرکووک لە سەردەمی پاشایەتیدا، لەوەدا دەردەکەوێ کە مەسیحیەکان هەستێکی جیاوازیان هەبوو، بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەریتانیەکان، کە ناحەزیان نەبووە بەرامبەر بە ئینگلیزەکان، بەڵکو هەمووکات دژی عوسمانیەکان وەستاونەتەوە، چونکە عوسمانیەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، شوێنی پیرۆز و دێرینی مەسیحیەکان، "بەیعەتی شەهیدان"

---

١) د. دلشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٢٧٠.

٢) دکتۆر زاکیر نایک، چەمکی خودا و وەڵامی پرسیارەکان لەیەر ئیسلام، و: محمد شێخانی، چ١، لە بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ب.ش، ٢٠١٥، ل١١، ١٢.

٣) محمد حسين محمد شواني، م.س، ص١٦٤.

(ئەوەی بە کڵێسای سوور ناسراوە)، کرابووە کۆگای چەک و تەقەمەنی سوپای ناوچەکە، لە ١٩١٨ تەقاندبوویانەوە[١].

هەرچی جووەکانیشە، کتێبی (تەورات)یان هەبووە، پێغەمبەرەکەیان موسا بووە[٢]، کتێبەکەیان بەم شێوەیە دابەشکردووە: (پەیامی کۆن) کە لەلای جووەکان پیرۆزە، و بریتیە لە کۆمەڵێک شیعر و پەخشان و حیکمەت و پەند و ... هتد. ئایینەکەیان بەسەرخۆیاندا داخراوە و بۆ کەس نیە ببێتە جوو. شتیکی واشیان لەبارەی زیندووبوونەوە و ڕۆژی دوایی و پاداشت و سزای ئەو رۆژە لە ئایینەکەیان نەهاتووە، هەروەها دەبێ هەموو ساڵێک سێ جار حەج بکەن، بۆ قودس لە جەژنەکانی (فصح، الاسابیع، المظال)[٣]. لە رۆژگاری پاشایەتیدا جووەکان، دوو هەڵوێستی جیاوازییان هەبووە، هەڵوێستێکییان بریتی بووە لە بەهێزکردنی گیانی ئیتنی- ئایینی جووەکان و یەکخستنی مەیلی سیاسییان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پیتاک و کۆچکردن بۆ ئیسرائیل، هەڵویستی دیکەشییان بریتی بوو، لەسەر درێژەدان و توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکانیان لەگەڵ دانیشتوانی دیکەی شار، پەیوەدیەکانیان لە سەرەتاوە ئاسایی ولەبار نەبووە، بەڵکو بە هۆی سیاسی و دەمارگیری ئایینی گۆڕانی بەسەر داهاتووە[٤].

سەبارەت بە ئایینەکانی دیکەش، وەک: (سابیئە و ئێزیدی و ئەهلی هەق)یش، ئەوانیش هەریەکەیان ئایین و دابونەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە، سابیئەکانی ناو شار لە لایەن موسڵمانەکان وا ناسراون، کە ئەستێرە و هەسارە و بت دەپەرەستن، لە کاتێکدا ئەوان وەک پەیڕەو کاری ئایینی پێغەمبەر یەحیا و یەکتاپەرستن و بڕوایان بە خودای تاک و ئەزەلی هەیە، وەک موسڵمانەکانیش نوێژ دەکەن و ڕۆژوش دەگرن[٥]. ئێزیدیەکان دوو کتێبیان هەیە (مەسحەفا ڕەش و جیلوە) کە بە ئەلف و بێی تایبەتی کوردی نوسراون. ئەهلی هەقیش گەورەترین گروپی ئایینی کوردی شیعەن، کە ناوی تایبەتی خۆییان و دابونەریتی تایبەت بە خۆییان هەیە، ناوی ئایینیان بریتیە لە ئەهلی هەق کە ناویکی پیرۆزە لایان، لای ئەوان خوداوەند لە شێوەی حەوت فریشتە بە دیار دەکەوێت[٦].

---

١) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٢٧٥.

٢) شاسوار هەرشەمی، س.پ، ل٢٣٩.

٣) محمد رزگار، ئایینی جوولەکە، https://zaniary.com/blog/٦٠٦٢٤٣٩ ، ٢٠٢٣/٣/٣١، ٤:٣٠.

٤) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٢٨٢.

٥) نوری بێخاڵی، سابیئەی مەندائی لەنێوان دۆزەخی عێراق و دڵنیایی کوردستاندا، (https://www.basnews.com/so/babat/٤٥٥٦٣٣)، ٢٠٢٣/٢/١٨.

٦) د. نەجاتی عەبدوڵڵا، س.پ، ل٢٢١.

**باسی دووەم/ لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا:**

لە سەرەتای دامەزراندنی شاری کەرکووک بایەخی زیادی کردبوو، بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و بەهێزی لایەنی ئابووری بوو. و زەوی و زاری زۆری کشتوکاڵی و سامانی پڕبایەخی ژێرزەوی شارەکە، وایان کردووە ئەم شارە لە دێرزەمانەوە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، لە رووی نەوتەوە، کە چاڵگەی نەوتی کەرکووک درێژترین و گەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە، وڵاتە زلهێزەکان هەموویان چاوییان بریبووە ئەم سامانەی شاری کەرکووک و دەیانویست سوودی لێوەربگرن[١].

هەروەها سەبارەت بە لایەنی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە شاری کەرکووک، کە شان بە شانی یەکتر دەرکەوتنو و دکەمە ئایینیەکانی کەرکووک ڕۆڵی دیار و بەرچاویان بینی لە گەشەکردنی بنەماکانیاندا، چونکە خاکەکەی بە پیت بووە و دانیشتوانەکەشی وزە و تواناکانی خۆیان تیدا بەگەڕخستووە، کاری کێڵان و چاندنی دانەوێڵەیان تێدا بەرهەمهێناوە[٢].

بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکانی کەرکووک، بەرهەمی جۆراو جۆرن و بەهۆی گونجاوی کەش و هەوای کەرکووک، ئەم فرە جۆریە زیاتر بەدی دەکرێت لە هاوین و زستاندا[٣].

لە بواری بازرگانیشدا، لە ئاکامی تێکەڵ بوونی بازارە ناوخۆییەکان، بە بازاڕە جیهانیەکان، و بە لێشاو هاتنی کاڵا و شتومەکی بازرگانیی بیانی بۆ عێراق و ناوچەکە، کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ناوچەکەدا هاتنە ئاراوە. (دراو)یش وەک بنەڕەتێکی مامەڵەی ئاڵوگۆر بەکاردەهات. و لە سەردەمەکانی دواتردا پێشکەوتنی ئامرازەکانی گواستنەوە، بوونە هۆی بەرفراوان بوونی پانتایی بازاڕە ناوخۆییەکان و جۆربەجۆریی پیشەگەرییە خۆماڵییەکان[٤]. وەک لەم بارەیەوە، جووەکان کاری وەک( کڕین و فرۆشتنی کەل وپەلی بازرگانی و قەسابی و کەبابچیەتی و...هتد)یان دەکرد، هەروەها جووەکان شتەکانی خۆییان هەرزانتر دەرۆشت، ئەمەش بۆ ئەوەی قازانجی کەمتر و فرۆشتنی زووتر بێت[٥].

---

١) پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، س.پ، ل٨٣، ٨٨.

٢) پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، هـ .س، ل٩٠.

٣) دلێر عزیز محمود شێخ بزێنی، کەرکوک(١٩٢١-١٩٥٨)(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی-ئابووریە)، نامەی ماستەر، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤاییەتییەکان-سلێمانی کراوە، ٢٠١٧، ل٦٢.

٤) د. دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان، س.پ، ل٢٥٧.

٥) بەرزان ئەحمەد کوردە، س.پ، ل١١٥.

هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە، لە زۆربەی شارەکاندا، گەڕەک بنەڕەتێکی پتەوی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی نێوان تاکەکانە، هەندێک جاریش لە دروستبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەوەی کە کەمینە ئایینەکان هەریەکەیان داب و نەریتی جیایان هەیە بەڵاو توانیویانی بەبێ بوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بژین[1]. هەروەها دوای تەشەنەکردنی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکان، بە پێی سیاسەتی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی ژیانیان دەهات، بۆیە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی یەکگرتوو و جێگیردا نەدەژیان، بەڵکو ژیانیان وابەستەی بارودۆخ و ڕووداوە سیاسیەکان بووە[2].

سەبارەت بە جووەکان، پەیوەندی جووەکان و ئایینەکانی دیکە هەر بە تەنیا بە هۆی بیر و باوەری ئایینی دروست نەبووە، بەڵکو ئەو بارودۆخە مێژووییانەی کە تێیدا ژیاون و کاریگەری خۆیان هەبووە، جووەکان و مەسیحییەکان هاتوون و لە کەرکووک نیشتەجێ بوونە، بە پێی خستنەڕووی بارودۆخی جووەکان لەم شارە، دەتوانین بڵێین پەیوەندی کورد و جووەکان لەو پەری باشیدا بووە. هەندێک کورد بنەچەی خۆییان دەگەڕێننەوە بۆ جوو، بەو پێیەی کە لە ڕێگەی داپیریانەوە دەگەڕێننەوە بۆ جووەکان، هەروەها کاتێک جووەکان لە کوردستانەوە گەرانەوە ئیسرائیل، خانوو و شتەکانییان بە نرخێکی هەرزان فرۆشتەوە[3].

---

1) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٢٨٧.

2) كابان عبدالكريم شيخ علي، التنوع الديني في اقليم كوردستان- العراق وأثره على التعايش- دراسة تاريخية عقدية تحليلية، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم الأسلامية في جامعة صلاح الدين- أربيل، ٢٠٢٢، ص١١٠.

3) بەرزان ئەحمەد کوردە، س.پ، ل١٢٣، ١٢٥.

**باسی سێیەم/ لە بواری تەندروستی و ڕۆشنبیریدا:**

بارودۆخی تەندروستی گشتی و لایەنی ڕۆشنبیری، پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان بەیەکەوە هەیە، باسکردنی هەر لایەنێکیان بەبێ ئەویتریان کارێکی ناتەواوە. لایەنی تەندروستی نەک تەنها لە کەرکووک، بەڵکو لە سەرتاسەری عێراق، بە درێژایی ڕۆژگاری پاشایەتی، لە دەست گیروگررفت و کۆسپی گەورە دەینالاند، فاکتەرەکانی دروستبوونی خراپی بارودۆخی تەندروستییش، دواکەوتنی گشتی کایە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و لاوازی ئاستی هۆشیاری و تەندروستی بوو لە نێو خەڵک، هەروەها بێتوانایی حکومەت، لە تەرخانکردنی دارایی پێویست و دابینکردنی دامەزراوەی تەندروستی پێشکەوتوو، بۆ ڕاپەڕاندنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، هۆیەکی بنەڕەتی بوو. وە تێبینی ئەوەش دەکرێ  کە گرفتی گەورەی تەندروستی لە شاری کەرکووک لە سەردەمی پاشایەتیدا، بریتی بووە لە گەیشتنی ئاوی پاک بۆ نێو ماڵەکان، چونکە لە رۆژگاری عوسمانیدا پرۆەیەکی دروستی ڕاکێشانی ئاوی پاک، نەک بۆ نێو ماڵەکان بەڵکو بۆ نێو شاریش بوونی نەبوو. لەو سەردەمەدا خەڵک زیاتر بە هۆی گوێ درێژەوە ئاوی پاکییان دەگواستەوە بۆ نێو شار. کەمی ئاو بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دەرد لە نێو دانیشتوان، ئەو نەخۆشییانەی کە لەوکاتە هەبوون( مەلاریا) یەکێک بووە لەو نەخۆشیانە، هەندێک لەو نەخۆشانەی کە توشی ئەم نەخۆشیە دەبوون جاری وا هەبوو دهمردن بە هۆیەوە. هەروەها نەخۆشی( کولێرا، سیل، ئاوڵە(خوریکە)، کەڵەشێر جقە(قورباقە)، سورێژە، تیفۆ، مێکوتە) بەربڵاوبوونە، هەر لە شاری کەرکووک، چەند دکتۆر و ئەفسەر و دەرەجەدارێکی بەریتانی، وەک کاردی پزیشکی لە ساڵانی ئینتیدابدا کاریان دەکرد[١].

لە رووی ڕۆشنبیریشەوە، دەتوانین باس لە قوتابخانە و خوێندنە ئایینیەکان بکەین، بێگومان خوێندن لەو رۆگارەشدا بەبێ ئاستەنگ تێنەپەڕیوە، چەند لایەن و چەشنی خوێندن هەبووە، خوێندنی فەرمی و ئایینی و ئەهلی و ئێواران، و کتێبخانە و چاپخانە و چاپەمەنیەکان، لە سەروەختی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی ساڵی (١٩٢١)، خوێندنی فەرمی لە ناوچە و شارەکەدا کۆن و بەربڵاو نەبوو، خەڵکی بە چاکی پێی ئاشنا نەبوون،چونکە دەسەڵاتدارانی پێشوو بایەخ و گرنگی جددییان بە ڕەوشی خوێندن و فێرکردنی نوێ و فەرمی نەدابوو، بۆیە تاوەکو ئینتیدابی بەریتانی (١٩٢٠-١٩٣٢)، لایەنی ڕۆشنبیری لە کەرکووک بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، کە لە ساڵی (١٩٢١) ژمارەی قوتابخانەکان چوار قوتابخانە بوون، بەڵام تەنها بە تێپەرینی سێ ساڵ لە (١٩٢٥)، ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتۆتە حەڤدە قوتابخانە، جگە لو پێشکەوتنانەی باسمان کردن، نمونەیەکی دیکەی

---

١) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٣٦٨-٢٧٢.

پەرەسەندنەکانی لایەنی ڕۆشنبیری ، بریتیە لە کردنەوەی باخچەی ساوایان بە ماوەیەک بەر لە تەوابوونی سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی لە(١٩٣٢)، بە مەبەستی فێرکردنی بەرایی و سەرەتاییەکان[١]. سەبارەت بە جووەکانیش، لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە دەتوانین بڵێین کە پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکانیاندا وەک ئێستا نەبووە، و زیاتر تایبەت بووە بە فێربوونی (تەورات و تەلمود)، بە تێپەربوونی کات، قوتابخانەکان پیشکەوتنی زیاتریان بخۆوە بینیوە، خەڵکی زیاتر منداڵەکانی خۆیان ناردۆتە قوتابخانە، بۆیە لە ساڵی (١٩٣٠) لە کۆی دە قوتابخانە، دوو قوتابخانە هی جووەکان بووە، نمونەش بۆ قوتابخانەی جووەکان لە شاری کەرکووک، قوتابخانەی(ئەلیانس) بووە، تایبەت بووە بە کوڕان و (٢٥٠)قوتابی هەبووە، هەروەها منداڵانی پێکهاتەی ئایینەکانی تریش توانیویانە لەم قوتابخانەیە بخوێنن[٢].

---

١) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، س.پ، ل٣٠٣-٣١٣.

٢) ئیسماعیل تەنیا، حەنۆکە(سەربردەی جووەکانی کوردستان و بەشێک لە عێراق)، چ١، چاخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٣، ل٢٥٣،١٧٠.

## ئەنجام:

توێژینەوەکە دوای لێکدانەوە و شیکردنەوەی مێژووی (کەمینە ئایینیەکانی شاری کەرکووک لە سەردەمی پاشایەتیدا ١٩٢١-١٩٥٨)، گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک کە لە خوارەوە دەیان خەینەڕوو:

١. شاری کەرکووک چەندین کەمینە ئایینی لە خۆگرتووە، کە لە سەردەمەکانی پێشووتر لەوێ ژیاون، و بارودۆخی جوگرافی و ناوچەی کەرکووک وای کردووە کە ئەم دانیشتوانانە لەم شارەدا نیشتەجێ ببن.

٢. لە وردبوونەوە لە مێژووی ئایینی کەرکووک، پەیڕەوانی ئایین و شوێنکەوتوانی ئایینزاکان، بە بێ بوونی گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی پێکەوە ژیانیان لە شارەکەدا گوزەراندووە.

٣. بە هۆکار و رووداوی جیا جیا، کەمینە ئایینیەکان لە کوردستان و بەتایبەتی لە شاری کەرکووک نیشتەجێ کراون، و بوونەتە هۆکارێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە.

٤. گەشەکردنی ژمارەی مەسیحیەکان، بەرامبەر بە ژمارەی جووەکان و ئێزیدیەکان و کەمە ئاینەکانی تر، بە ڕادەیەکی زۆر کە تەرازووی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەی گۆڕی بە درێژایی سەردەمی پاشایەتی.

٥. لە سەردەمی پاشایەتیدا، خوێندن و فێرکردن لە کەرکووکدا ئاستێکی خراپدا بوو، بەڵام بە بەراورد بە ناوچەکانی تر لە ئاستێکی باشتر بوو.

٦. لایەنی تەندروستیش لە سەردەمەدا، هەرچەندە ژمارەی نەخۆشخانەکان کەم بووە، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو باشبوون ڕۆیشتووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم: کتێبەکان:

- **بە زمانی کوردی:**


١) ئەحمەد باوەر، جولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، کوردستان، ٢٠٠٠.

٢) ئیسماعیل تەنیا، حەنۆکە(سەربردەی جووەکانی کوردستان و بەشێک لە عێراق)، چاپی یەکەم، چاخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٣.

٣) بەرزان ئەحمەد کوردە، کورتە مێژووی جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، ب.ش، ٢٠١٩.

٤) پ.د. زرار صدیق تۆفیق، کاکەیی- ئەهلی هەق و شەبەک(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،هەولێر، ٢٠٢٠.

٥) پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی(١٩١٧-١٩٢٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٧.

٦) د. دڵشاد مەحمود عەبدولڕحمان، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکووک(١٩٢١-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩.

٧) د. نەجاتی عەبدوڵڵا، گەڕان بەدوای مرواری(مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٢.

٨) دکتۆر جـەبار قـادر، کەرکـــوک نەفـــرەتی نەوت و ستـــــەمی دیمۆگرافیا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٩.

٩) دکتۆر زاکیر نایک، چەمکی خودا و وەڵامی پرسیارەکان لەیەر ئیسلام، و: محمد شێخانی، چاپی یەکەم، لە بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ب.ش، ٢٠١٥.

١٠) دکتۆر نوری تاڵەبانی، کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، چاپی دووەم، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١١) ڕێبوار حەمە تۆفیق، کۆمەڵی هەقە- لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە تا حەمە سووری کڵاو قوت، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢) شاسوار هەرشەمی، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٣) عەلی ئەسغەر حیکمەت، مێژووی ئایینەکان، و:هاشم عەلی وەیسی، چاپخانەی تاران، ب.ش، ٢٠١٩.

١٤) گۆران ئیبراهیم صالەح، کەرکوک لە سەردەمی دەولەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩ز، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٥) ليام ئاندرسن، تەنگژەی کەرکووک، و: ئومێد عوسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣.

١٦) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٤.

- **بە زمانی عەرەبی:**

١) جيمس ولتسيد، رحلتي الى بغداد في عهد الوالي داود باشا، ترجمة: سليم طه تكريتي، مطبعة ثويني، بغداد، ١٩٨٤.

٢) رشيد الخيون، الاديان والمذاهب بالعراق، الطبعة الاولى، المطبعة سبحان، د.م، ١٤٢٦هـ

٣) السيد عبدالرزاق الحسني، اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥١.

٤) شاكر فتاح، اليزيديون والديانة اليزيدية، ت:دخيل شمو الحكيم، ط١، جميع الحقوق محفوظة، بيروت، ١٩٩٧.

٥) طارق خليل السعدي، مقارنة الأديان، الطبعة الاولى، دار العلوم والعربية للطبعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٥.

٦) فرست مرعي، دراسات في تاريخ اليهودية والمسيحية في كورستان، الطبعة الاولى،من منشورات ئاراس، اربيل، ٢٠٠٨.

٧) محمد حسين محمد شواني، التنوع الاثني والديني في كركوك، الطبعة الاولى، مؤسسة الموكرياني للبحوث والنشر، أربيل، ٢٠٠٦.

٨) المطران لويس ساكو, المسيحية في كركوك (تاريخ وبقاء)، كركوك، ٢٠١٠.

٩) يعقوب يوسف كورية، يهود العراق (تاريخهم،احوالهم، هجرتهم)، الطبعة الاولى، منشورات الأهلية، لبنان, ١٩٩٨.


**دووەم: تێز و نامە زانکۆییە بڵاونەکراوەکان:**


- **دکتۆرا:**

١) كابان عبدالكريم شيخ علي، التنوع الديني في اقليم كوردستان- العراق وأثره على التعايش- دراسة تاريخية عقدية تحليلية، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم الأسلامية في جامعة صلاح الدين- أربيل، ٢٠٢٢.

- **ماستەر:**

**١)** دلێر عزیز محمود شێخ بزێنی، کەرکوک(١٩٢١-١٩٥٨)(لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی-ئابووریە)، نامەی ماستەر، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤاییەتییەکان-سلێمانی کراوە، ٢٠١٧.

**٢)** دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکووک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی رۆڵی رۆشنبیری و سیاسی(١٩٣٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٠٦.

## سێیەم: ماڵپەڕەکان:

١. (https://www.basnews.com)

٢. (https://www.zamenpress.com)

٣. (https://www.almesbar.net)

٤. (https://zaniary.com/blog)


## پاشکۆ

وێنەی ژمارە(١)




خێزانێکی کوردی جوو

وێنەی ژمارە(٢)



پردی خاسە لە کەرکووک

**وێنەی ژمارە(٣)**



قوتابیانی قوتابخانەیەکی جوو لە شاری کەرکووک ساڵی(١٩٣٤)

**وێنەی ژمارە(٤)**



وێسگەی شەمەندەفەری کەرکووک ساڵی(١٩٤٠)

ویێنەی ژمارە(٥)




لیوای کەرکووک ساڵی (١٩٣٦)